# لە تۆوە

هۆشەنگ
Hoshang72@yahoo.com



لە بەژنی رووتی تۆوە
بێتاقەتیم ئەوەشێ
وەرە بمنووسەوە، وەک وشەیەکی بێنوێژ لە نەقەبی مەمکەکانتدا گێژم کە
وەکو خەونێک بەسەر لەشتدا بفڕم و ئازادانە وەک خۆشاو یەکدی نۆش کەین

هەر بە رووتی دوکەڵ و هەڵمی هەناسەم تێکەڵ بە گەردەن و گەرووت کە
ئەوە بۆنی جگەرەکانم نیە .. ئەوە هەوای ئازادی روحێکی بەڕەڵڵایە
ئەوە هاڵاوی دەروونێکە پڕە لە پارچە پارچەیی
نازێکی پارچە پارچە و
شەرمێکی هەلا هەلا و
حەزێکی لەت لەت
ئەوە منم بە گیانی تاریکی عەشقێکەوە هەناسەی تاریک تاریک پەرش ئەکات و
ئەیوێت خۆی لە ناو جەستەت دا فەنا کات

ئیدی خەونی لێوەکانم و رووباری مەمکەکانت با یەکدی ببەن
با مەراقەکانی روحم لە کانیلەی لەشت بتەقنەوە
با سێبەری من و سێبەری تۆ .. یەکدی بدزن
یەکدی بخۆنەوە و من و تۆش بە هەوادا پەرش کەن

وەك دووكەڵ و وەك بۆنی هێرۆ و وەك رەنگی خەونەكان

* * * * * * * *

لە یادگارییە رووتەكانی خۆتەوە

منیش رووت رووت، بگوازەوە تاریكترین ساتەكانی عومرتەوە

لەوێدا لە ئاگردانی دڵی خۆتدا بمسووووتێنە

لەوێدا نەورۆز لەسەر جەستەی رووتی مندا بۆ ئاگری حەزەكانت داگیرسێنە

لەوێدا من و خۆت و یادگارییەكانمان، بكە گەمەیەكی منداڵیت و

بیانكە بە خەونی نووسینی شعرێك و یادی گوڵە هێرۆیەك .. لە مەنفادا، بە ئاگری خەونەكان ئەسووتێنێ